کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:30 25-7-2007

## ناشرینترین تەزویر کردن و چەواشەکردنی بەڵگەنامەکان ... نەجات حەمید ئەحمەد

کەمالی سەید قادرلە رۆژانی رابوردوداو لە سایتی کوردستان پۆست دوو بەڵگەنامەی لە سەر دوو بابەتی جیاوازو بۆ دوو مەبەستی جیاواز بڵاو کردەوە.. لە یەکێکیاندا ئاماژەی بەوە داوە کە شێخ مەحموودی حەفید داوای ئەفسەرێکی رووسیی ڕەت کردۆتەوە گوایە داوای لێکردوە کە ببێتە بەرکاری (جاسووسی) رووسی و گوایە بارزانیی نەمرو سەرکەش بە داوای وا ڕازی بووەو بۆتە جاسووسێکی رووسی هەروەك ئەم ڕاستیەی سەلملندوە. لە دوەمیشیاندا بە زمانێکی زۆر ناشرین و نابەڵەد بە هەموو بە هایەکی رەوشتیی نووسین و شێوازی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی زانستی لەرێگەی نامەیەکەوە کە بۆ بەرێز مەسرور بارزانیی ناردوە پاش ئەوەی داوای لێدەکات کە لە دادگا تاوانباری بکات و ئامادەیە بێتەوە کوردستان و لە بەردەم دادگا دیفاع لە خۆی بکات لە ژێر چاودێریەکی نێو دەوڵەتیدا:ئنجا بەڵگەنامەیەکی جاسووسیی بەریتانی بڵاو کردۆتەوە گوایە بارزانیی نەمر جاسووسی رووسی بووە کاتێك داوای لە شێروان ناوێك کردوە کە بچی لە ڕادیۆیەکی کوردیدا کاربکات. لەڕاستیدا ئەوەی وای لێم کرد شتێك لە سەر ئەم دوو بەڵگەنامەیە بنووسم هەر ئەوەبوو کە نووسەری ناوبراو گەیشتۆتە ئاستێك لە هیستیریای بی پاساو کە هەموو سنوورێکی رەوشتیی تێپەڕاندوە لە زمانی نووسینەکەیدا دووەمینیش من وەکو رۆشنبیرێك و نووسەرێك کە خۆم بە قەرزارباری قوربانی دان و خۆبەخت کاریی بارزانیی نەمرو نەوە سەرکردەکانی دەزانم کە لە رۆژی رەشەوە ئێمەیان گەیاندە ئەم رۆژە. هەست بە ئازارێکی گەورە دەکەم کە دەبینم کەسێك کە خۆی لە سەر نەتەوەیەك حسێب دەکات

دێت و لە دوژمنەکانی کورد زۆر بە حەماسەت تر شمشێری دەردەکاو بی سوود ڕای دەوەشێنی و تەنها خۆی بریندار دەکات و ئنجاش دێت و موزایەدە بە کوردایەتیەوە دەکات و دەڵێت من بڕیارم دابوو لەم وەزعە ناخۆشەی کوردا چیتر لە سەر ئەم مەسەلەیە نەنووسم بەڵام دواجار بڕیارم دا بنووسم بە هەر حاڵ وای پێدەچێت ناوبراو لە ئەرکە پی سپێردراوەکەیدا ئەوندە نقوم بووە تەنانەت بە یەك پەنجە موستەی ڕاسپێر نقوم ببی و بخنکی ئەگەر ئەرکی خۆی و خزمەتەکەی جی بە جی نەکات.. دەبوایە نووسەر پاش خوێندنەوەی هەردو نووسینە پڕ لە بەڵگەنامەکانم بە ناوی (وانەی یەکەم و دووەم) چیتر دەمی لەم بابەتە نەسوایە بەڵام بە داخەوە وای پی دەچێت ئەو نەیتوانیوە سوود لە هەموو ئەو زانیاریانە وەرگری کە سەبارەت بە (ك ج ب) بوون کەتیایدا باسمان لە کەسایەتیی سەربەخۆی بارزانیی نەمر کردبوو بەڵام چی دەڵێی ئەوە رۆڵەیەکی کوردەو لە پێستی خۆی هەڵدەگەرێتەوە تاوانی نامووس دەداتە پاڵ کەسانێکی وەکو مەسرور بارزانیەوە کەباب و باپیرانی سەد ساڵە نامووس و شەرەفی کورد دەپارێزن. کە من نامەوی باس لە هەموو شتەکان بکەم کە پەیوەندیان بەژیان و بە سەرهاتی خودی ناوبراوەوە هەیە لە مەسەلەی ئافرەت چونکە گەر هەندێك لەڕاستیەکان باس کەین کە هەموو شایەدەکان ماون و وا لە هەولێر دەژین کە ناوبراو چۆن مامەڵەی لە گەڵ ئافرەتانی کورد کردوە لە زانکۆ ئەوا قەتاو قەت نەیدەتوانی باس لەوە بکات کە بەرێزێکی تێکۆشەرو ڕوشت بەرزی وەکو مەسرور بارزانی چەکی ئافرەتی دژی ئەو بەکار هێناوە قەتیش جورئەتی ئەوەی نەدەکرد ناوی بارزانیی شەهیدو خێر لە

خۆ نەدیو بەم شێوەیە بێنیا داخەکەی گرانم ئەم هەڵوێستانەی ناوبراو هەموو ئەو کەسانەی بیرمان خستەوە کەچۆن خیانەتیان لە مێژووی خۆیان کردو چۆن ڕیسوای مێژوو بوون بەڵام ئەوەی ڕیمان لی دەگری ئەوەیە کە ئەو بە سەرهاتانە بە سەرهاتی شەخسین و

مافی ئێمە نیە باسیان لێوە بکەین بۆیە من دێمە سەر ناوەرۆکی بەڵگەنامەکان..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

1- سەبارەت بە بەڵگەنامەی یەکەم کە زۆر گەورەی کردۆتەوەو تەپڵی بۆ لێدەدا نە لەڕووی ڕاستیەوە و نە لەڕووی مێژوویيەوە هیچ بایەخێکی ئەونۆی نیە یەلاَم ئەو هۆیەی کەوای لە ناوبراو کردوە ئەم ڕاپۆرتە جاسووسیەی بەرکارانی بەریتانی زۆر بە بایەخ و گرنگیەوە وەرگری هەر ئەوەیە کەدەیەوی لەڕێگەی فیتنەو ئاگر نانەوەلە نێوان لایەن و بنەماڵەکانەوە ئاژاوەو گێرە شێوێنی بنێتەوە بەوەی کە شێخ مەحموودی حەفید لە بارزانیی نەمر بوێرترو نیشتیمان پەروەر تر بووە کە ئەمەش خەیاڵَو هیوای دوژمنەکانی دوێنی و ئەمڕۆی کوردە کە دەیانەوی کورد لە بارو دۆخێکی وادا ببینن کە ببنە دوژمنی یەکتری و با بزانین ناوەڕۆك و بایەخی ئەم بەڵگەنامانە چین.

2- ئەم بەڵگە نامەیە کە لاپەڕە پێنجی ڕاپۆرتێکە کە کەسێك بۆ شوێنێکی دیاری کراوی ناردوە کە نە کەسەکە ناسراوە کە بەرزی کردۆتەوە و نە ئەو کەسەش ناوی لەو لاَپەڕەیەدا هاتووە کە بۆ کەسی دووەمی ناردوە چونکە ڕاپۆرتەکە بەم شێوەیە لە زمانی کەسی دووەمەوە دەست پیدەکات... ڕاپۆرتێك هەیە دەڵێ کە شێخ لەتیف شێخ مەحموود لە پەیوەندیدایە لە گەڵ رووسەکان لە ئازەربایجانی فارسی...

3- نووسەر فێڵێکی ئاشکراو نازانستیی لە خوێنەرێك کردوە کە وای نیشانداوە کە هەموو گوتەو تۆمارو نووسینبکَی جاسووسێکی نیشتیمان فرۆش سەدا سەد ڕاستن و بە قەد سەرە موویەك گومانیان تێدا نیە و وا دەزانی تەنها ئەو کەسەی کە ئەم لەتە کاغەزەی بۆ ناردوە ئینگلیزی دەزانی و ئیتر هەموو کورد تەقەی سەری دی لە ئینگلیزی و بۆیە دەتوانی ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە لەو خوێنەرە بشارێتەوە کە هەر خودی ڕاپۆرت نووسە کار بە دەستەکە دەربارەیان دەڵی کە هەموو ئەو قسانەی کە سەبارەت بە شێخ هاتوون بی بناغەن و نەسەامێندراون و شوێنی بایەخ نین فەرموون ئەوەش ڕستەکانی ناو بەڵگەنامەکە وەکو نووسەر گواستوویەتیەتیەوە

in the absence of confirmatory evidence not too much importance shoud be attached to them "

واتە... لە بەر ئەوەی هیچ جەختت لە سەر کردنێکی دیارو ڕوون لە سەر ئەو قسانە نەکراوە بۆیە نابی گرنگیەکی ئەوتۆ بەو قسانە بدری) ) باشە برای دۆکیمۆنت ناس و بە ناوە ئەکادیمی ئەگەر خاوەن ماڵ خۆی بڵی ئەو قسانە درۆن و پێویستە بایەخیان پی نەدری و ئەمەش لە چلەکاندا بووە ئەی تۆئەمڕۆکە چۆن لە 2007دا دێیت و خۆت دەکەیتە خاوەن ماڵ و دەڵیی سەدا سەد ڕاستەو درۆ نیەو بە حەماسەتێکی ناڕاستەقینەوە بە سەر شێخدا دەلاوێنیتەوە؟؟ ئەگەر خاوەن ماڵ خۆی بڵی کەرەستەکەم بۆگەن بووە تۆی کورد بۆ دێیت و دەڵێی عەیب لە گلێنەی چاوم هەبی لەو قسانە نیە؟؟ئاخۆ دەبی تۆ دڵسۆزتربی لە جاسووسێکی بەریتانی بۆ بەریتانیا تاکو درۆی ئەوان بە ڕاست بخەیتەوە؟؟

4- ئەوەی شوێنی پێکەنین و نوکتەیە ئەو بەڵگەنامەیەی کە وەکو بەڵگەیەك هێناویەتیەوە کە شێخ مەحموود داوای ئەفسەرێکی ڕووسیی رەت کردۆتەوە کە ببێتە جاسووس هەر ئەو ڕاپۆرتە دەیەوی بیسەلمێنی کە شێخ زۆر بە خەستی دەستی ناوەتە دەستی ڕووسەکانەوەو لە خزمەنی ئەواندایە فەرموون ئەو ڕستانەی لەو ڕاپۆرتەدا دەربارەی شێخ و ڕووسیا هاتووە...

1-ڕاپۆرتێك هەیە کە شێخ مەحموودلە پەیوەندیدایە لە گەڵ ڕووسەکان لە ئازەربایجانی فارسی.

2-چەند مانگێك لە مەوبەر شێخ نوێنەرێکی بۆ تەبریز ناردوە (لە سەر داوای یەکێك بە ناوی ئەلیکساندرۆف) گوایە ئەفسەرێکی ئیستیخباراتی ڕووسیە) ) هیچ زانیاریەك لەم مەسەلەیەدا بەردەست نیە سەبارەت بە چالاکیەکانی تەنها ئەوە نەبی کە شێخ داوای ئەفسەرەکەی ڕەت کردۆتەوە کە بیکاتە جاسووسێکی ڕووسی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

3-بە پێی هەمان سەرچاوە شێخ لەتیف چەندین پەیوەندیی ئەنجامداوە لە گەڵ ڕووسەکان لە سەردەشت لەو کاتەی لەوی بووە.
4-لە لایەکی دیکەوە دەشی شێخ لەڕێگەی کوڕەکەیەوە لە سەر سنوورەکانەوە پەیوەندی لەم جۆرەی ( (بە ڕووسیاوە هەبووبی) )
فەرموون خوێنەرانی بەڕێز ویژدانی خۆتان بە بێلایەنی بەکار بێنن ئەگەر ناوبراو ئەوەندە بەڵگەیەی لە سەر بارزانیی نەمر لەژێر دەستدا بوایە دەبوایە چەند تۆمەتی بدایەتە پاڵی پاش ئەمە ئەم بەڵگە نامە نەسەلمێندرلوو بی بەڵگانە
بۆ ئەوە نەنووسراون کە بڵێنَ شێخ مەحموود پیاوی ڕووسیا یووە کە ئەسڵ و ئەساسی نیە؟؟
بەڵگەنامەی دووەم لە بەڵگەنامەی یەکەم پەرپووت ترو پووچ ترە لە ناوەڕۆکداو هیچی پی ناسەلمێدری چونکە قسەو زانیاریی زارەکیی کەسێکن کە خۆفرۆش و نیشتیمان فرۆشێکی دووسەرەیەو لە نۆکەرایەتی کردن و جاشایەتیدا نموونەی کەم بووە لە سەردەمی خۆیدا.. لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا تەنها یەك ئاماژە لەو بەڵگەنامەیەدا نیە کەبیسەلمێنی کە بارزانیی نەمر پیاوی ك ج ب بووبی...
شیروانی ناوێك کە کوردی بەغدایە دەگاتە بەریتانیا لە 25 ی سیبتەمبەرو لە حەمامێکی تورکیدا دەنوی.. پاشان چۆتە نووسینگەی دەرەوەی بەریتانی و زۆر لەوە تووڕە بووە کە ئەو دەیەوی ببێتە جاسووسێکی بەریتانی دژ بە کۆمۆنیستەکان کار بکات لە کوردستاندا و ئەوانیش قەبووڵی ناکەن.. شیروانی کە تەمەنی 30 ساڵانە پاسپۆرتێکی ئێرانیی پێیە بەڵام هەروەها پاسپۆرتێکی عیراقیش بە کار دێنی بە ناوی کەمال حوسێن فاتح ئەڵلا (سەبرە هەمان ناوی نووسەری هەیە) بابی لە بەغدا زۆر ناسراوەو دەلی زوی وزاری هەیە لە عێراق و لەئێران.... خاوەن ڕاپۆرت لە زمانی شیروانیەوە دەگێرێتەوە کە مەلا مستەفابارزانی جوابێکی بۆ ناردوە کە داوای لێکردوە یچێتە ئازەربایجانی سۆڤێتی و لە ئێزگەیەکی ڕادیۆدا کار بکات کە بەرنامەکانی بۆکوردستان بڵاو دەکرێنەوە پاش ئەوەشی لە یەیرووت کەسەڕووسیەکەی بینیوە یەکسەر چۆتە سەفارەتی ئەمریکی و بەریتانی لە بەیرووت. دەیەوی بزانی بەریتانیا چیی پی دەبەخشن پێش ئەوەی بچێتە رووسیا شیروانی بە ئینگلیزەکانی گونوە کەزانیاریی زۆری لە سەر شیوعیەکانی بەغداو کوردسناندا هەیە و هەمووناوو کارەکانبان دەزانی چین. دەیەوی بچێتە ئازەربایجان ئەگەر ئینگلیزەکان ویستیان تاکو بزانی مەلا مستەفای بارزانی بەتەمای چیە.. پاشان دەلّی ئەوانەی لە لەندەن دەیناسن بە کەسێکی ناڕاستی لە قەلّەم دەدەن و ئێسناش پێویستیمان پێی نیەو بی کەڵکە... ئەو دەیەوی ڕێکخراوێکی هەبی بۆ کارکردن وەکو جاسووسێکی دووسەرە... ئەمەیە ئەو پیاوە بەد ڕەوشتەی کە ئەگەر ئەو قسانەی سەبارەت بە بارزانیی نەمر ڕاست بن ئەوا دەیسەلمێنی کە چ خیانەتێکی گەورەی لە کوردو کوردستان کردوەو چۆن ئامادە بووە کوردو کوردستان بە چەند دۆلارێك بفرۆشی... خایەنی لەم باتەتەی کەلە ڕاپۆرتەکەدا بە کەسێکی بێ کەڵك و ناڕاست گۆو خایەن باس کراوە بۆتە کەسێکی زۆر گەورە لە لای نووسەر چونکە خیانەتی لە بارزانیی نەمرو مەسەلەی کورد کردوە کەسێك بووە ئامادە بووە خۆی بە هەموو کەسێك بفرۆشی.. بەڵام هەموو هەوڵەکانی مایە پووچ بوونە تەنانەت وەکو نۆکەرێکیش قەبووڵ نەکراوە
ئاخر کەسێك جەوازی دوو وولاتی لە باخەڵ بی و لەلای تورك بنوی و ئەملاکیان لە ئێران و عێراق هەیووبی و بە زۆر داوای جاسووسیی لە سەر بارزانیی نەمر کردبی بۆ ئەمریکیەکان و بەریتانیەکان و ئەوانیش بە چاوێکی کەم و سووکەوە سەیریان کردبی دەبی نۆکەرو جاسووسی چەند وولاتان بووبی و چەندێك خۆفرۆشێکی گەورە بووبی و چۆنیش و بە چ پێوەرێکی کوردایەتی نووسەرێکی کورد دێت و قسەکانی ئەوەندە بە پیرۆزی و گەورەیی سەیر بکات وەکو ئەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەوهەرێکی یا سەروەریەکی بۆ نەتەوەکەی دۆزیبێتەوە... پاشان ئەو قسانەی شییانیە ئەفەندی هیچ ناسەلمێنن جگە لەوەی کە بارزانیی نەمر داوای لێکردووە کە لەو ئێزگەیە کار بکات کە لە ئازەربایجان دامەزراوەو بەرنامەکانی ئاراستەی کوردستان کراون.. لە سەردەمی دەست بە سەری و دوورخراوەییدا بارزانیی نەمر

هەمیشە لە خەمی نەتەوەکەیدا بووە هەمیشە ویستوویەتی هەموو کوردێك خزمەتی مەسەلەی کورد بکەن شێروانیش کە لە بەغداو کوردستان ناسراوەو چەندین زمانی زانیوە بارزانیی نەمر پێی وابووە کە دەتوانی خزمەتی نەتەوەکەی بکات بەڵام ئەوە کوردە خۆفرۆشەکەیە کەمانای شەرەف و کوردایەتی نازانی و دەیەوی بازرگانی بە نەتەوەکەیەوە بکات و ئای خودایە وێنەی شێروانیەکان چەند زۆربوونە لە م نیشتیمانە بریندارەخێر لە خۆ نەدیوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.